# سارد، بەڵام گەرم. . . !
## *بیرم لەوە نەکردیتەوە. ! (3)*

نوسینی و سازکردنی: شێرزاد هەینی
heinisherzad@hotmail. com

پێکەنینەکەی ئاوازێکی تایبەتی هەبوو، بە ئاوازو سەدایەکەی مەست بووم. نیگام لێکرد. پرچی شامار نەبوون کورت و چەند رەنگ. چاویلکە وردو چوارچیوە رەشەکەی سەر چاوانی، ناشیرینی نەکردبوو. ئەدی کورتی بالاکەی. . !! زۆرتر شیرینی کردبوو. وشەکانی زاری، رستەکانی ئاخاوتنی " کاترینا" وەك کزەی شەمالی فێنك گوزەری دەکرد. بە سادەیی و لەسەرخۆو بێ کولاّن و دووکەڵ قسەی دەکرد. چەند خۆشە ئەوەی بەرامبەرت درۆت لەگەڵ نەکات، ئەوەی دەیلێت راست بێ و جاریکیتر نەتبیستیێ. نەتزانیوەو ئەو پێت دەڵێت. ئەو بەسەری هاتووەو ووردو راست و رەوان بۆت دەگێرێتەوە. تۆ نازانی لەم ولاتەدا سەرژمێرێکی زۆری خەڵکی ولاتی فنلندان، لە رۆژان و پاش شەری دووەمی جیهان و لە برسان و بۆ کار هاتوون. ئەوان و خەڵکێکی زۆری ولاتانی دانیمارك و نەرویژ ژمارەیان نزیکەی دوو سەد هەزار کەس دەبوو، رەویان کردووە. بەیەك پلیتی پاپۆرێك لە دەریای نێوانیان پەریونەتەوە. زۆریان مانەوە، لەم ولاتەدا ئاوێتە بوون، زۆریشیان رۆیشتنەوە، بۆ کۆنە هەواری پیرۆزیان گەرانەوە. یان دایکو باوکیان گەرانەوە هەوار و سەر رەگ و ریشەو لای یاد و بیرەوەری مناڵیان.

کاترینا لێرە گەورەو هەراش بوو. مێردی کرد. زمانەکە فێربوو، زمانی دایکو باوکی لەبیرچۆە. ئەوان گەرانەوە سەر خانووو باخچەو مەزار، ناو گەرماوە تایبەتیەکەی خۆیان. ئەوان گەرانەوە، هیچ لە مناڵەکان نەگەرانەوە. ئەوان گەرانەوەو زۆر خێزانی تر نەگەرانەوە مناڵەکان گەرانەوە. زۆر مانەوەو ژیان و شویانکرد، ژنیان هێناو زمانەکەیان لەبیرنەچوو. زۆر لەوانە هەر پێیان دەڵێن فنلندی. بەرنامەی تایبەتی رادیو تلفزیۆنیان هەیە. مانەوە لەزۆر شتی یەك نزیکن. بەلاّم زمانیان دوورە. زمانی زۆر لە ولاتانی هاوسنووری یەك، لەیەك نزیکە، تەنیا ئەو دوو زمانە نەبێت. هەموو ئەو نهێنیە گەورەیە نازانن، بۆچی زمانی ئەو دوو میللەتە وا لەیەك دوورن. . !! هیچی بەیەك ناچێت. . . ! ئەو دوو زمانە لەیەك دوورە، وەك هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وایە، کورد لەگەڵ عەرەب هاوسنوورن، بەلاّم زمانیان زۆر لەیەك دوورە. . !! وەك کوردی و تورکی وایە، دوورن، رستەی بە رستەیەکی ئەوی تر ناچێت. . !!

کاترینا، بە کراسی گوڵ گوڵەوە، بە بۆنی سازگارەوە، بە دەستی ناسکی بە جگەرەوە، بە خەندەی قوول و بە نازەوە وتی:

یەك ساڵە مێردەکەم بە نەخۆشی کانسار" شێرپەنچە" مردووە. زۆر نیيە، هەر ساڵێك دەبێت. . . ! بەلاّم وا خەریکم بگوازمەوە لای دەستگیرانەکەم، ئەو لە شارێکی تر دەژیت. ئەو ڤیلایەکی گەورەی تایبەتی خۆی هەیە. چاوەروانم، تا بوار دەرخسێت، ئەو بەسەردان دێت و منیش زۆر دەچم. ئەو مناڵی زۆری لە کۆنە ژنەکەی هەیە، منیش مناڵی زۆرترم هەیە، هەردوولا تێکەڵدەکەینەوە.

بوارینەدا داوای سەرەخۆشی لێبکەم. ئەو زوو وتی ئێستا دەستگیرانم هەیە. ئەو بە پێکەنینەوە، وتی ژانەکەی سەخت بوو، زوو کوشتی، زوو دکتۆرەکان بە خۆی و بە منیان ووت، دەمرێ. . . زوو مرد. . !!

کۆچبەرە بە نەژاد فنلندیەکان، بەرنامەو هەوال و دیداری تلفزیۆنیان بە زمانی فنلندی هەیە. لەبەر ئەوەی لەسەر سنووری یەکن، هەردوولا، هەردوو دەولەتـ ئیش بۆ ئەوە دەکەن، زمانەکان نامۆ نەبێ، خەڵکەکە زمانەکان وەردەگرن. بەلاّم ئەو وتی: من هەر چەند رستەو وشەیەك لە زمانی دایکو باوکم دەزانم، ئەوان گەرانەوەو چونەوە سەر زەوی و ماڵەکانیان، ئێمە لێرە

گیرساینەوە. ئەوان لە ناو دارستانە چرەکانا یادو بیرەوەری زۆریان هەبوو، ئەوان تێنووبون زوو بگەرێنەوە، ئەو بەلێنەی بە خاك و بەفر و دارستانەکانیان دابوو، ئەگەر شەر راوەستێ دەگەرێنەوە، ئەوان هەر دەیانووت، ئەگەر ولات ئیشی بە ئێمە بێت دەگەرێنەوە. بۆیە ئێمەیان هەموو جێهێشت و گەرانەوە. ! لەسەر ئێمە رانەوەستان، بیریان لە ئێمە نەکردەوە.

ئەوان گەرانەوە ناو گەرماوی تایبەتی ساونا " باستۆ" ی فنلندی. ئەوان پاش هەناسەی گەرم و هەلّم ئاوی کولاّو و ژووری تەنگ و نەفسبرکراو، خۆیان لەناو شەختەو سەهۆلی زستانا، لە سەر رووی شەختەی رەقی کۆنی چەند هەفتەدا، بە رووتی ژن و پیاوو کیژ دەگەوزێنن. . ! ئەوان لە ناو هەلّمی گەرم و ژووری ئارەقەو کولاّنی دیوار، بە رووتی دێنە دەرەوە، ئەوان وا دەزانن ژنی ئاوس، ژنیّ لەم شوێنە بزێت، تەندروستی خۆی و کۆرپەکەی باش دەبێت. گەرانەوە، ئابووری ولاتەکەیان گەشەی کرد، گەرانەوە.

ولاتی فنلنداش پاش رەوینەوەی تەمی شەری گەرم و مالّوێرانەکەی دووەمی جیهان کەوتنەوە کار، ئاوارەکان بونە دەست و پارەو هزر، بازارو کارگەو ئابووریان گەشەی پێکرد. بۆیە هەزاری وەك دایکو باوکی کاترینا گەرانەوەو هەزار کۆتری بالّنەخشین و دەنووك سووری وەك ئەویان جێهێشت. !

ـ زۆر دەگەرێتەوە بۆ سەردانیان. . ؟؟

ـ نەخێر، زۆر بە دەگمەن. !! بیست سالّە، یەك دوو جار چومەتەوە، ئەوان دێن، تلفۆن دەکەین، چەژنانەو دیاری سەری سالّ و چەژنی لەدایکبوونمان بەردەوامە.

ـ شوناسنامەی سویدیت هەیە. . ؟؟

ـ نەخێر، هەر شوناسنامەو جنسیەو جەوازم فنلندییە. !

ـ بۆ تا ئیمرۆ جنسیەی سویدیت وەرنەگرتووە. . ؟؟

ـ نەخێر جنسیەی سویدیم نییە. . . !! هەربیریشم لەوە هەر نەکردیتەوە، ئەدی جنسیەی خۆم، ئەدی جەوازی خۆمان، ئەدی ولاتی خۆم. . !!

کاترینا، لەچەند وشە زیاتر زمانی فنلندی نازانی، مێردی یەکەمی لە سوید بووەو چەند زارۆکی لەو ولاتەو لە پیاوێکی سویدی بووە. خوێندن و دلّداری و مەلەوانی و یاری لەو ولاتەکردووە، لە خاکی ئەو ولاتەدا باخچەی چاکردووە، لە دەریاچەکانا راوە ماسیکردووە، بەزو چەوری بۆ بالّندەکان لە زستانی شەختەو بەفرا لە دارەکانی ناو باخچەکانا بەرز راگرتووە. دووەم پیاویش، وا لەو ولاتەدا دەبێتە هاوسەری. بەلاّم بیری لەوە نەکردیتەوە، جنسیەی ولاتی سویدی وەرگرێت. لێرە خانەنشین دەبێت، وەك ئەوان دەژیت، هەموو ماف و پێویستیەکانی یاسایی و رەسمی بۆ دابینکراوە، بەلاّم بۆ وەرگرتنی جنسیەی ولاتێکی بێگانە پەلەی نەبووە، تەنگاو نەبووە، شەوو رۆژ بیری لێنەکردیتەوە. نەیوتووە، ئەوە دەکەم، ئەوە ناکەم، ئەوە باشە تا جنسەیەکەم دوا نەکەوێت. . . !!